کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-6-2007 14:57

## خەونیشت هەبێ تیرۆردەکرێ! ... ئاری عوسمان خەیات

arikhayat@yahoo. com



(- ئەچم بۆ خاریخ... +بەخوا نایبینی!!)، بە ڕێکەوت ئەو نووسینەم لەسەر دیواری یەکێك لە پۆلەکانی ئامادەییەکی شاری کفری بەرچاو کەوت.. هەڵبەت کێشەم لەوەیا نییە ئاخۆ بۆچی خوێندکاری ئامادەیی دیواری پۆلەکەی خۆی پیس ئەکا، چونکە ئەوە دیوێکی تری ئەم باسە پێکدێنێ، بە قەد ئەوەی قسەم لەسەر ئەوەیە ئاخۆ ئەو حیوارە کورتە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە.. ؟
ڕەنگە ئەوە هەر تەنیا کەسێك بێت نووسیبێتی و هەروەك پێدەچێ دێڕی یەکەمیان هی کەسێك و وەڵامە عەنتیکەکەشی هی یەکێکی تر بێت.. !! هەرکام لەو دوو حاڵەتە، یان گریمانەیە بێت، جارێکی تر لێرەدا سەنگێکی ئەوتۆی بۆ سەر مەبەستەکەی من نییە.
ئەم وڵاتەی ئێمە ئێجگار (گوناحە)، کە بە بڕوای من و ئێوەش (زۆربەمان) تاوانی ئەم گوناحیە دەخەینە ئەستۆی حکومەت و دەسەڵات، چونکە لە هەموو دنیادا دەسەڵات هەمیشە لە خزمەتی خەڵکیدا بووە، نەك بە پێچەوانەوە، واتا لەسەر حیسابی خەڵکی خۆی بژێنی، کە بەداخەوە لای خۆمان کار لە (خۆژیاندن) دا نەماوەتەوە، بەڵکو مەسەلەکە گەیشتۆتە (خۆلۆرتکردن) لەسەر حیسابی خەڵکی!! ئیتر لێرەوە کۆمەڵگە و تاکەکانی گلۆر دەبنە نێو کێشە و گرفتی زۆر گەورەی مەترسیدارەوە، کە من پێموایە خەتەرترینیان ئەوەیانە، کە دووچاری دەروونی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆتەوە..
گەنجان یەکەمین ئەو قوربانیانەن کە شێوازی دەسەڵاتکردن لە کوردستاندا دەیانپێکێت و گورج پێوەدەگلێن، چونکە کەسێتی گەنج لە قۆناغێکی هەستیاری ژیاندایە و پێویستی بە جۆرێك لە ڕێنوێنیکردن هەیە، بە مەرجێك تا ئەو شوێن و کاتەی کە خودی گەنج خۆیشی نەبێتە ئامراز و دەسکەلای ئەم و ئەو.. بە پێچەوانەوە تووشبوونی دەروونی گەنجان بە دەرد و بەڵای دەروونی لە هەموو ئەوانیتر ئاسانترە، بەم قسەیەش حەق بە خۆم ئەدەم، تا بڵێم سیستمی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان، نەك تەنیا ڕێگەیەکی لارولوێر تەی دەکا، بگرە ئەوەندە بە خراپی ڕۆچۆتە نێو جومگەکانی کۆمەڵگەوە، تەنانەت زیانی گەورەشی لە کەسایەتی و دەروونی تاکەکانیشی داوەو نەخۆشی خستوون!!
کام گەنج دەگری، کۆمەڵێك گللەیی و گازندەی هەیە لە بەرپرس و مەسئولەکان.. مەگەر ئەوانەی کە دەمیان بە بڕێك پارەی کەم چەورکراوە، هیچ قسەیەکیان نەبێت تا بیکەن، یان ئەوانەی لە هەندەرانن و زیاتر سەرقاڵی ژیانی خۆیانن، بەو مانایەی کەمتر لە سایەی مامەڵەی دەسەڵاتی کوردیدا دەژین هەر بۆیەکەش کەمتر کاریگەر دەبن بە دەرهاوێشتە خراپەکانی، ئیتر هەرچی گەنجی ئەم وەڵاتە هەیە، ئەوەندە گللەییان کردووە و هیچ چارەسەرێکی نییە، بۆیە زۆربەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان دووچاری خۆ خواردنەوە و پیشخواردنەوەیەکی دەروونی بوونەتەوە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ چاوەڕوانی ڕووداوی خراپتریان لێدەکرێ..
ئەوە گەنجە خوێندکارەکانی کوردستانە، کە خەون بەوەوە دەبینن لێرە هەڵبێن!! هەڵبێن و بچنە (خاریج) .. بۆ ئەوەی بژین، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیانی خۆیان بژین.. لە هەمانکاتیشدا هەر ئەوە گەنجە خوێندکارەکانی کوردستانن، کە لە دەروونێکی نەخۆشەوە یەکسەر بەرپەرچی خەونەکانی خۆیان دەدەنەوەو باش دەزانن نایبینن.. خەونێك (سەفەرکردن بۆ وڵاتانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جیهان) کە گەنجانی خواپێداو (لە وڵاتانی خواپێداودا) مانگانە و ڕەنگە کەمتریش، چەند بارەی بکەنەوە..

مانەوە و ژیانی هەر ئینسانێك پێوەستە بە خەون و خولیاکانییەوە، ئەوەی خەون و خولیایەکی نەبێ ناتوانێ بژی، بەڵام مەترسی لەوێندەرە، کاتێك خەونت هەبێ و بیکوژن.. خەونت هەبێ و نەهێڵن هەنگاوی بۆ بنێی، خەونت هەبێ و ڕۆژانە بێئەوەی ئاگادار بی، خەونەکانت تیرۆر بکرێن.. ئەمە سیناریۆیەکە ڕۆژانە لەم وڵاتەی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە، بێئەوەی بە خۆمان بزانین، بەڵی بێئەوەی بە خۆمان بزانین، قبوڵیشی دەکەین. !!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.